www.kurdistannet.org
29-12-2006 12:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پیلانی ولاتانی دراوسێ وکاریگەری لەسەر دۆزی کورد ... ڕێبەر تاڵەبانی

پاش پڕۆسەی ئازادی عێراق سەرکردایەتی سیاسی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندییە ڕەواکانی گەلی کورد خەبات دەکات، بەتایبەت بەدیهێنانی سیستمێکی فەرمانڕەوایی دیموکراتی فیدراڵی بۆ کۆماری عێراق کەداواکارییەکانی کوردی تێدا دەچەسپێنرێت، بەتایبەت لەکاری جدیدا بۆ نوسینەوەی ڕەشنووسی دەستوری عێراق، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە دەست نیشانی مەترسییەکانی دەرەکی ئیقلیمی وعەرەبی بۆ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا بکەین، چ لەنانەوەی گرژی وئاڵۆزی لایەنەکان، هەروەها دوورخستنەوەی هەڵوێستێکی هاوبەش بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی وئەمنی وئابوری وبونیادنانەوەی وڵات، ئەو لایەنانەش کەکاریان لەسەر دەکرێت شیعە وسوننە وتورکمانن، ئێران بۆ شیعە وتورکیا بۆ تورکمان وسوریا ومێر وسعودیە بۆ سوننەی عەرەب لەعێراقدا.

ڕۆڵی ئێران لەدەستێوەردانی وڵاتدا لەگرنگی دانی بەعێراق لەسیمایەکی گشتییدا لەژێر سێبەری بوژاندنەوە وبواری ئەمنی وگەشت وگوزاری لەناوچەکانی خواروو عێراقدا بەدەردەکەوێت، بەو پێیەی بەشێوەیەکی ئاشکرا کاریگەری کردۆتەسەر هێزە شیعەکانی خواروو لەکاری ڕۆژانە ومامەڵەی هاوڵاتیان، بەتایبەت دامەزراوەکانی خواروو لەشێوە حکومەتێکی فیدراڵ دەچن ولەلایەن هێزە شیعەکانی وەك ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق وتەیاری یەدری وحزبی دەعوە وحزبی فەزیلە بەڕێوە دەبرێت، بەشێوازێك لەتێکڕای کار وپڕۆژەکانیاندا سەربەخۆییەکی تەواویان وەرگرتووە، ئەمەش هاوکاتە لەبەستنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێران لەعێراقدا وزیادکردنی ڕێژەی شیعی لەخواروو وجێبەجێکردنی تەواوی مەراسیم وبۆنە ئاینی ومەزهەبییەکان، لەسەروو ئەمانەشەوە هێنانەناوەوەی دەستی ئیتلاعات وپەیوەندییە سیاسی وئابوری وگەشت وگوزارییەکان بەناوی بەسەرکردنەوەی شوێنە ئاینییە پیرۆزەکان کەتایبەتن بەمەزهەبی شیعی لەعێراقدا، لەهەمووی مەترسیدار تر هەڵوێستی شیعە وکۆکردنەوەیان لەژێر چەتری یەك هەڵوێستدا بەرانبەر بەمەسەلەی کەرکوك ونەوت وکارەبا بەرانبەر کورد وخوێن ڕشتن کەبەشێکە لەنانەوەوەی گرژی نێوان شیعە وسوننە لەعێراقدا، بەڵام لەڕوانگەتدا شیعەکان وئێران بەتایبەتی کەهەڵگری ئەم پەیامەیە سیاسەتی بونیادنانەوە وکارکردن بۆ دەرچوون لەم قەیرانانە بۆ ڕاکێشانی ڕای خەڵکی لەنێو خۆی وڵات ودەرەوە بەگشتی.

تورکیا لەسێ لایەنی جیاوازەوە هەوڵ دەدات دەست لەکاروباری عێراق وەربدات کەبێگومان کاریگەری بۆ کورد دەبێت، لایەنی یەکەم پەیوەندی بازرگانی وئابوری وفەرهەنگی وسیاسی وئەمنی لەگەڵ هەرێم بەهۆی هاوبەشی لەسنووردا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەشێوازێکی زۆر هەستیار وبڕ گومانەوەیە بەتایبەت لەدوا گۆڕانکارییدا لەگەڵ سوریا کار بۆ لاوازکردنی دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل دەکات، بەو پێیەی تێکڕای جموجۆڵی بازرگانی وئابوری عێراق لەڕێگەی سوریاوە جێبەجێ بکات،

www.kurdistannet.org
29-12-2006 12:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەروەها ڕێگرتن لەهەندێك پڕۆژەی ڕۆشنبیری لەنێوان هەرێم وناوچە کوردییەکانی تورکیا، لایەنی دووهەم بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق بەناوی بوونی پەکەکە لەناوچە سنووریەکاندا، لایەنی سێهەم گرنگیدان بەتورکمان وعەرەبی سوننی بۆ کۆکردنەوە وێەك هەڵوێستیان بەرانبەر بەکورد وچارەنووسی عێراق بەتایبەت لەمەسەلەی کەرکوك وفیدراڵ ونەوتدا.

سوریا ومێر وسعودییە بەشێوەی نهێنی وئاشکرا پشتیوانی لەبەهێزکردنی سوننە دەکەن لەدروست بوونەوەی حزبی بەعس وپارت وهێزە سوننییکانی گۆڕەپانی سیاسی لەعێراقدا، چ لەکۆنگرەی پێکەوەیی هێزەکانی عێراق وئاڵۆزکردنی باری ئەمنی وهەوڵ دان بۆ نزیکردنەوەی سوننەی عەرەب لەئەمەریکا لەلایەك ولەگەڵ شیعەی عەرەبی عێراق لەلایەکی تر، کەبێگومان دەستەی هاوبەشی شیعی مێری وئێرانی ونەپاراستنی سنوری سوریا لەگەڵ عێراق وهاوکاری تەیارە ئیسلامییەکان لەلایەن سعودییەوە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆ مەترسییەکانی عێراق وکورد بەتایبەتی لەجێبەجێکردنی ئەم بەرنامانەدا.

لەکۆتاییدا دەکرێت سیاسەتێکی وورد ولێکۆڵینەوەیەکی چڕ لەسەر ئاستی تێکڕای مەسەلە پەیوەندیدارەکان لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە گەڵاڵە بکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان، چونکە کورد تاکە سەرچاوە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی کارکردنە لەنێو ناوەندا، چ لەدۆستایەتی وکاری دیپلۆماسی وڕاکێشانی ڕای هاوپەیمانان وهاوبەشی لەبەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی لەچوارچێوەی پڕۆژەی وڵاتانی خۆرئاوا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەسەرەتاکەی لەعێراقەوە دەست پێدەکات، بەو پێیەی پێگەی کورد ڕۆڵی کاریگەر لەم لایەنەدا دەبینێت، هەروەها لەپێداچوونەوەی دەستووردا بەرگری لەداواکانی کورد بکرێت لەبەدەسهێنانی فیدراڵی بۆ کورد لەم قۆناغەی ئێستای خەباتی کاری سیاسییدا.

ڕێبەر تاڵەبانی - خوێندکاری خوێندنی باڵا / ڕاگەیاندن - قاهیرە